# بەخوا سەیرە کاک ریباز ئەو زەمانە ... ریبین سەباح

ئەوەی راستی بیت کاتی مانشیتی بابەتەکەی تۆم خویندەوە لە کوردستان نیتا دیتم نوسرابوو بەسە چەواشەکردن سەیرم پی هات گوتم دەبیت چیم کردبیت تاکوو ئەو بەریزە بەو شیوەیە قورسە ئەو تۆمەتەم بخاتە پال پیم بلی چەواشەکار بۆیە هەر بەپەلە کلیکیم لەسەر بابەتەکەی ئەو ریباز ناوە داگرت بۆ ئەوەی بیخوینمەوە وە کاتی بابەتەکە کرایەوە دەستم کرد بە خویندنەوەی بابەتەکە لە کۆتاییدا پر بە دەنگ دەستم کرد بە پیکەنین زۆرم سەیر پی هات یەکەمجارم بوو ببیستم کە مرۆڤ لەسەر قسەی دروست و حەق ناوبنری چەواشەکار بەراستی لۆم دەرکەوت کە قسەی راست لای ریباز هەولیری و هاوشیوەکانی بریتین لە چەواشەکاری خۆی لە ئەسلا ئەوان چەواشەکارن وە چەواشەکاری ئاکاریکی ئەوانە ریباز ناوی دیت شەرعیەت بە خۆی بدات بە هەموو دەنگیکی بەرز لە ئاست کارە نەراوەکان بلیت چەواشەکار گلەیی ئەوم لی ئەکا بە مناسەبەو بی مناسبە رەخنە لە کارە نابەجی ئەگرم باشە من یەك پرسیار لە ریباز ئەکەم باشە ئەی ئیمە بە چی تاکیکی ئەو کوردستانەین ئەگەر رەخنە لە کارە نارەواکان و گەندەلیەکان نەگرم کە خوشت لە نوسنەکەی خۆتا دان بەوە دەنییت کاری نارەوا هەیە بەس نابیت بلین لە پشت چاوت برۆ هەیە. سەیرە بەخوا ریباز ناوی دیت و شەرعیەت بەم کارەی خویندگای بارزانی نەمر دەدات کە پارە لە خویندکار وەرگرن باشە بۆ پارە لە خویندکار وەربگرن باشە کی دەلی هەموو ئەو خویندکارانە دانی ئەو برە پارەیەیان لا ئاسایی بیت باشە حکومەتی کە ریباز بەشان و بالی هەلدەدا ناوی دەنی بە خزمەتکاری هاولاتی کورد کە کارەبایان رۆژانە 4 سەعاتیکە وە نیوەی گەرەکەکانی شاری هەولیر کیشەی بی ئاویان هەیە وە جادەکانی شاری هەولیر لە سایەی سەری خزمەتگوزاریەکانی حکومەتەوە جادەکانی هەولیر هەمویان پر کەندو کۆسپن وە تاکوو ئیستا نەیتوانیوە دەسەلاتی خۆی لەسەر نرخی شت و مەك بسەپینی کە لەرەمەزانا بۆ هەمومان دەرکەوت کاتی بینیمان نرخی هەموو کەل و پەلیك چۆن بەرز بونەوە. . وە چەندەها منالی ئەو شارە بە هۆی گرانی نرخی جل و بەرگ ەو بابیان نەیانتانی جلیان بۆ بکرن باشە گوناحی ئەو با ب و ئەو مندالە چیە ئەگەر بابەکەی بی ئیش بیت لەم کوردستانە یاخود موچەکەی کەم بیت نە گاتە 5% موچەی ئەندام پەرلەمانیکی نوستوی بەردەوام دەست بەرزکراوە باشە کاك ریباز ئەی بۆ بەرپرسەکان پەلە لە سەرفکردنی پارەی دەعوەتەکانی خۆیان ئەکەن ئەی بۆبەرپرسەکان پەلە لەسەرف کردنی پارە ئەدەن بۆ کرینی ئۆتۆمبیل بۆ منالەکانیان بە هۆیەوە پۆز لەسەر مندالە هەژارەکانی ئەو هەولیرە لی بدەن کە مینەتی و ئازار لە میژە میوانیان بوە جا بەریز ئەو پرۆژانەی کە لەشاری هەولیر لەلایەنی پەروەردەوە دەکرین دەزانی چۆنە؟ سالیك خویندگاکە دەربەدەری شوینیك ئەکەن وە پرۆژە ئاوەدان کاریەکەیان ئەگەر بە تەواوی کاری لەسەر بکری تەنها ما نگیکی پیویستە چونکە بەس سبوغیکی هاکەزایی لەم خویندگایە ئەدەن و لەگەل چاککردنەوەی جامەکانی. . خۆ ئەگەر شانازی بەوە ئەکەی کەی ئاخیرەن 100 هەزار دینارەکە خەرج کرا بۆ مامۆستایان و کارمەندانی حکومەتی هەریم ئەوا پیت ئەلیم بەهۆی کاریگەری ئەو تویژە بوون کە هەرەشەی وەستانی ئیش کردنی خۆیان ئەکرد ئەگەر ئەو پارەیان بۆ خەرج نەکری بۆیە حکومەتی هەریمیش لە ترسا خەرجی کرد بۆیان چونکە باشە ئیمە خۆمان لە حکومەتیکی پتەو تر لە بەغداد ئەزانین بۆ چاومان لە خیری ئەوان بیت خۆ ئەگەر بەراست حکومەتمان هەیە لە بەرژەوەندی تاکی

کورد کار ئەکا ئەوا پیویستە حکومەتە دوو پارچەکەی باشوری کوردستان سەرەتا بریاری سەرفکردنی ئەو پارەی بدابا ئی خۆ ئەگەر ئەوا پارە خەرج نەکەن ئەی ئەو داهاتەی کوردستانە چی لی ئەکەن چونکە موچەش ئیستا لە حکومەتی بەغداد هوە دیت. وە ئەگەر باسی ئەوە دەکەی من ئە و نوسینانە ئەنوسم بۆ حزبیکی دیاریکراو ئەیانوسم ئەوا هەلە تیگەیشتویت وەکو چۆن ئیستا بە هەلە بیر ئەکەیتەوە و قسە ئەکەیت چونکە هەرگیز نوسینەکانم بۆنی حزبەکەمی لی نایی کی دەلی حزبەکەم ئاگای لی یەتی ئەو بابەتانە ئەنوسم چونکە من بۆ خەلکی شارەکەم و میللەتە زولم لیکراوەکەم ئەنوسم وە پیویست ناکا حزبەکەم لە نوسینەکانم ئاگاداربیت وە حزبەکەشم بای ئەوەندە جەماوەریکی زۆری هەیە هەموشیان لەسەر بیروباوەری کوردبوون و وە لەسەر بیروباوەری بی بەرامبەر ئەکەن بۆ سەرخستنی بەرنامەی حزبەکەمان لە کوردستانا تا بەو هۆیەوە بتوانین خزمەتیکی ئەو گەلە ستەم لیکراوە بکەین خۆ وەکوو حزبەکەی ئیوە نیم کە ئەندامەکانتان هەمووی لەسەر بنەمای پارە و مادییەت دروست بوینە خۆ ئەگەر حزبەکەت ئەو بودجەیەی ئیستای نەمینی ئەوا خۆشت و گشت ئەندامانی حزبەکەت وازی لی دینن حاشای لی ئەکەن وە من وەکو تۆ نیم کورد بوون لای من گرنگ ترە لە حزبی بوون لە کۆتاییدا ئەلیم ئای لەو دونیا سەیرەی کە قسەی راست و دروست و رەخنە گرتن لە کارە نابەجی کان ناوزەند ئەکریت بە چەواشەکاری خۆ ئەلین تا سەر مابی لەو دونیایە شتی سەیر ئەبینیت

هەولیر